# ئەو شتەی (تاوانەی) کە زۆر لەسەرتان دەترسم بیکەن: شیرکی بچووکە»، ووتیان: شیرکی بچووك چییە، ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «ڕیا

لە مەحمودی کوڕی لەبیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو شتەی (تاوانەی) کە زۆر لەسەرتان دەترسم بیکەن: شیرکی بچووکە»، ووتیان: شیرکی بچووك چییە، ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «ڕیا (ڕوپامایی)، لەڕۆژی قیامەتدا کاتێك خەڵکی لەسەر کردەوەکانیان پاداشت دەدرێنەوە ؛ خوای گەورە -عز وجل- پێیان دەفەرموێت: بڕۆن بۆ لای ئەوانەی ڕیابازیتان بۆیان دەکرد لە دونیادا، بڕوانن ئایا پاداشتتان دەستدەکەوێت لەلای ئەوان؟».

[حەسەن - باش)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەو شتەی زۆر دەترسێت ئومەتەکەی تووشی ببن: شیرکی بچووکە ئەمیش بریتیە لە ڕیا -ڕوپامایی-؛ پێناسەکەی ئەوەیە کەسێك کردەوەی چاك دەکات بۆئەوەی خەڵکی ببینن. پاشان باسی سزای ڕیابازەکانی کرد لە ڕۆژی قیامەتدا، پێیان دەووترێت: بڕۆن بۆ لای ئەوانەی کردەوەتان بۆیان دەکرد، بڕوانن ئایا پاداشتتان دەدەنەوە لەسەر ئەو کردەوانە؟!

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3381

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee